# نامەیەکی "لینین" ڕۆژێـــك بەر لە شـــۆڕشی ئۆکتۆبەر

(بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی)

هاوڕێیان!

من ئەم چەند دێڕە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی بیستوچوارەمین ئەنوسمەوە، هەلومەرجەکە لە ڕادەبەدەر قەیراناوییە. وەك ڕۆژ ڕوناکە، کە ئێستا ئیتر بە ڕاستی، دواکەوتن لە ڕاپەڕین یەکسانە بە مەرگ.

بە جورئەتێکی تەواوەوە، هاوڕێیان دڵنیا ئەکەم، کە ئێستا ئیتر، هەمووشتێك بە تاڵە موویەکەوە بەندە و بابەتگەلێك لە دەستوری ڕۆژدایە، کە نە بە ڕاوێژکردن ئەکرێت وەڵامی پێ بدرێتەوە، نە بە کۆنگرەکان (تەنانەت ئەگەر کۆنگرەی شوراکانیش بێت)، بەڵکوو وەڵامی ئەوانە، لە عەهد و پەیمانی خەڵك، جەماوەر و خەباتی جەماوەری چەکداردایە.

گوشاری بۆرژوایی کۆرنیلۆفییەکان (1) و خستنەلاوەی ورخوسکی ئەوە دەرئەخات کە، ناتوانیت لە چاوەڕوانیدابیت. پێویستە بە هەر نرخێك بێت ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ یان شەو، لە دوای چەککردنی یونکەرەکان (2) (و لە حاڵەتی بەرگری، زاڵبوون بەسەریاندا) و چەکدارانی دیکە، ئەندامانی دەوڵەت دەسگیر بکرێن.

ناکرێت لە چاوەڕوانیدا بیت! ڕەنگە هەموو شتێك لە دەستبچێت!



بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات یەکسانە بە: بەرگری لە خەڵك (نەك لە کۆنگرە، بەڵکوو لە خەڵك، لە سوپا و بە پلەی یەکەم لە جوتیاران) لە هەمبەر دەوڵەتی کۆرنیلفی، کە ورخوسکی دەرکرد و دووەمین پیلانی ئامادەیە.

چ کەسێك ئەبێ، دەسەڵات بەدەستبهێنێ؟

ئەم مەسەلەیە بۆ ئێستا گرنگ نییە: با کۆمیتەی شۆڕشگێڕی جەنگ (3) یان (دامەزراوەیەکی تر) دەسەڵات بەدەستبهێنێ و ڕاییگەیەنێت کە، دەسەڵات تەسلیمی نوێنەرانی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی خەڵك، بەرژەوەندییەکانی سوپا (پێشنیاری دەستبەجێی ئاشتی)، بەرژەوەندییەکانی جوتیاران (ئەبێ یەکسەر دەست بەسەر زەویوزارەکاندا بگیرێن و خاوەندارێتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە) و بەرژەوەندییەکانی برسییەکان، ئەکرێت.

ئەبێ سەرجەم بەشەکان، سەرجەم تیپەکان و سەرجەم هێزەکان، دەستبەجێ ساز و ئامادەبن، بە پەلە نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی جەنگ و کۆمیتەی ناوەندی بۆڵشەویکەکان ڕەوانە بکەن، پێدابگرن و داوابکەن کە بە هیچ جۆرێك هەتا ڕۆژی بیستوپێنجی مانگ، دەسەڵات لە ژێر دەستی کیرنسکی (4) و هاوکارانی نەمێنێتەوە، بە هیچ جۆرێك؛ ئەم مەسەلەیە ئەبێ هەر ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ یان شەو، هەنگاوی عەمەلی بۆ دابنرێت.

مێژوو، لە شۆڕشگێڕانێك کە ئەتوانن ئەمڕۆ سەرکەوتن بەدەستبهێنن (و بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ سەرئەکەون) بەڵام ئەگەر کارەکەیان بۆ سبەینێ هەڵگرت، ترسی ئەوە هەیە کە، زۆر شت لەدەستبدەن، ترسی ئەوە هەیە، هەموو شتێك لەدەستبدەن، لەبەرامبەر دواخستنێك کە بە دروستیان زانیوە، خۆشنابێت.

ئێمە کە ئەمڕۆ دەسەڵات بەدەستئەهێنین، نەك لە دژی شوراکان، بەڵکوو بۆ شوراکانە.

گرتنەدەستی دەسەڵات کاری ڕاپەڕینە, ئامانجە سیاسییەکەی لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات, دەرئەکەوێ.

چاوەڕێکردنی ڕاگیریی ڕاڕاکان لە دانیشتنی 25 ئۆکتۆبەر, یانی لەناوچون بەهۆی فۆرمالیتەوە (5). خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کە مەسەلەی لەم جۆرە نەك لە ڕێگەی ڕاگیری بەڵکوو لە ڕێگەی زەبر و زۆرەوە چارەسەر بکەن. خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کە لە ساتەوەختەکانی قەیرانی شۆڕش, نوێنەرانی خۆیان و تەنانەت باشترین نوێنەرانی خۆیان ڕێنوێنی بکەن و لە چاوەڕوانی ئەواندا, دانەنیشن.

مێژووی سەرجەم شۆڕشەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە, کە هەرکاتێك کەسانێکی شۆڕشگێڕ بزانن کە ڕزگاربوونی شۆڕش, پێشنیاری ئاشتی, ڕزگاربوونی پێترۆگراد, ڕزگاربوون لە قاتوقڕی و دانی زەوی بە جوتیاران_ لەسەر ئەوان ڕاوەستاوە و ساتێك لە کیس ئەدەن, ئەوا تاوانی ئەو کەسانە, تاوانێکی گەورە و لە ڕادەبەدەرە.

دەوڵەت لە حاڵی لەرزین و لەرینەوەدایە. ئەبێ بەهەر نرخێك بووە, کاری بە کۆتایی بگەیەنرێت!

دواکەوتن لە هەنگاونان, یەکسانە بە مەرگ.

مێژووی نوسین: 24 ئۆکتۆبەر (6 نۆڤیمبەر) 1917.

بۆ یەکەمین جار, لە سالی 1924 چاپ کراوە.

دووبارەنوسینەوەی: ڕۆبێرت هاکوپیان, ئابان 1383.

---------------



**تێبینییەکان:**

(1) کۆرنیلۆف ل. گ. (1870_ 1918): ژەنەراڵێکی تزار (قەیسەر)یی, شاهەنشاهیی بوو, لە دوو ساڵی 1917 و 1918دا, یەکێك بوو لە ڕابەرانی شۆڕشی چەواشە. (و. کوردی).

(2) یونکەر: لە ڕوسیای تزاریدا, بەو قوتابییانە ئەگوترا کە لە قوتابخانەی سەربازیدا بوون. لە ڕۆژگارەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917دا, ئەم یونکەرانە بە ڕابەری پارتە بۆرژوا فیۆداڵەکانی شۆڕشی چەواشە, لە شارەکانی مۆسکۆ و پێترۆگراد و هەندێك شاری دیکە, بەرگرییەکی چەکدارانەیان لە دژی کرێکاران و سەربازان, ئەوانەی دەسەڵاتی شوراییان دامەزراندبوو, بەڕێوەبرد. (و. کوردی).

(3) کۆمیتەی شۆڕشگێڕی جەنگ" بە شورای پێترۆگرادەوە وابەستەبوو, لە مێژووی 12 (25) ئۆکتۆبەری 1917, بە فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بۆڵشەویك, دامەزرا.

(4) کیرنسکی ئی. ف. (لە ساڵی 1881 لەدایکبووە): سەرۆکی حکومەتی کاتیی بۆرژوازی بوو لە ماوەی نێوان مانگی تەموز (یۆلیۆ) تا تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ساڵی 1917. کاتێك کە شۆڕشی سۆسیالیستی لە 25 ئۆکتۆبەری 1917 حکومەتی کاتیی ڕوخاند, کیرنسکی هەوڵی ئەوەی دا کە لە دژی شۆڕش و دەسەڵاتی شورایی کردەوەگەلێك ڕێکبخات. (و. کوردی).

(5) شتی ڕواڵەتیی, شکلی, ڕۆتینی, تەشریفاتی. (و. کوردی).

سەرچاوە:

(نامە لنین بە اعضاء کمیتە مرکزی)

www.Marxists.org

وەرگێڕانی:

سالار ڕەشید

17/ 05/ 2005